Asylum Support Partnership
help and advice

September 2012 Kurdish

# داواکردنی پشتگیری پەناخوازی

ئەو کەسانەی کە داوای پەناخوازی دەکەن بۆیان نییە دەستگیرۆیی خۆشگوزەرانی ئاسایی وەربگرن و زۆربەی پەناخوازان مافی کارکردنیان نیە . لە هەندێك حاڵەتی تایبەتدا لەوانەیە بشێیت کاربکەیت بەڵام دەبێت لەو بارەیەوە ڕێنمایی وەربگریت.

لەبەر ئەوەی پرۆسەی پەناخوازی لەوانەیە کاتێکی زۆر بخایەنێت، پێویستە بیر لەوە بکەیتەوە کە چۆن پێداویستییەکانی ژیانت دابین دەکەیت. ڕەنگە شیاوی ئەوە بیت کە داوای پشتگیری لە دەزگای سنووری شانشینی یەکگرتوو (UK Border Agency - UKBA) بکەیت. UKBA ئەو دەزگا حکومییەیە کە بەرپرسە لە پشتگیریی پەناخوازە بێخانەولانەکان. UKBA دەتوانێت شوێنی نیشتەجێبوون و پشتگیری پارەی کاشیش بۆ کڕینی خواردەمەنی و جلوبەرگ دابین بکات. ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونت هەیە، بۆ نمونە لەگەڵ هاوڕێ و خزم و کەسوکار، دەتوانیت داوای تەنها کاش بکەیت. پشتگیری کاش هەروەها بە 'پشتگیری گوزەرانی ژیان' یش ناسراوە.

ئەگەر ناتوانیت خۆت بەخێو بکەیت، ئەوا لە کاتێکدا کە داوای پەناخوازییەکەت لەژێر باس و لێکۆڵینەوەدایە هەموو کاتێك دەتوانیت داواکاری بۆ پشتگیری پەناخوازی پێشکەش بکەیت. ئەگەر پێویستیت پێبێت، ئەوا دەتوانیت لە هەمانکاتدا کە داوکاری بۆ پەناخوازی پێشکەش دەکەیت داوای پشتگیریش بکەیت. UKBA دوای ئەوە ڕێوشوێن ساز دەکات بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی کاتیی بۆ تۆ.

**کەسانی گەنج کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمترە:** ئەگەر لەلایەن UKBA وە/یان خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەسەند بکرێیت وەك کەسێك کە تەمەنی لە 18 ساڵ کەمترە وە خۆت بەتەنها داوای پەناخوازی دەکەیت، ئەوا پشتگیری لە دەسەڵاتی خۆجێی ناوچەکەی خۆت وەردەگریت.

## کێ شیاوی پشتگیرییە لە UKBA ەوە؟

ڕەنگە تۆ شوێنی نیشتەجێبوون و پارەی کاشیشت پێویست بێت، یاخوود ڕەنگە تەنها پارەی کاشت پێویست بێت. هەر جۆرێکیان بێت، دەبێت چەند شتێك بە UKBA بسەلمێنیت:

- کە داوانامەکەت بۆ پەناخوازی تۆمار کراوە وە داوانامەکەت هێشتا دوا بڕیاری لەسەر نەدراوە
- کە تۆ بێخانەولانەیت (ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە پارەیەکی کەم یان هیچ پارەت پێنییە و شوێنی نیشتەجێبوونیشت نییە)
- کە تۆ 'بەزووترین کات کە بتوانیت' دوای ئەوەی کە گەیشتوویتە شانشینی یەکگرتوو داوات پێشکەش کردووە بۆ پەناخوازی
- کە تۆ تەمەنت لە 18 ساڵ زیاترە

## ئایا 'بەزووترین کات کە بتوانیت' واتای چی دەگەیەنێت؟

ئەم تاقیکردنەوەیە بەسەر ئەو کەسانەدا دەچەسپێت کە داوای هەردوو شوێنی نیشتەجێبوون و پارەی کاش دەکەن وە هەروەها ئەوانەش کە تەنها داوای پارەی کاش دەکەن. کاتێك کە داوانامەکەت بۆ تەنها پارەی کاش ڕەچاو دەکەن (تەنانەت ئەگەر پێشتریش تۆ شوێنی نیشتەجێبوون و پارەی کاشت وەرگرتبێت و ئێستا حەز بکەیت تەنها پارەی کاش وەربگریت) UKBA ئەمانەی خوارەوە ڕەچاو دەکات:

بڵاڤۆکی وەرگێڕاوی تر بەردەستە لە ناونیشانی www.refugeecouncil.org.uk

Community Legal Service
OISC No: N200100132
Asylum Support Partnership is a partnership project hosted by the British Refugee Council
Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576]
Registered office: PO Box 68614, London E15 9DQ United Kingdom, VAT reg no: 936 519 988

- ئاخۆ لە ماوەی سێ ڕۆژدا لە کاتی گەیشتنتەوە بۆ شانشینی یەکگرتوو داوای پەناخوازیت کردووە؛
- ئاخۆ ئەوەی کە خۆت باست کردووە سەبارەت بە گەیشتنت بۆ ئێرە جێگای باوەڕە.

بە شێوەیەکی ئاسایی UKBA ئەو زانیاریانەی کە تۆ کاتێك داوای پەناخوازیت کردووە داوتە بەوان بەکاردەهێنن بۆئەوەی بڕیاری کۆتایی بدەن کە ئاخۆ تۆ 'بەزووترین کات کە بتوانیت و لە چوارچێوەی کاتێکی ماقوڵدا' داوای پەناخوازیت کردووە. ئەگەر UKBA نەتوانێت بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە ئاخۆ پشتگیریت بۆ دابین بکات، یاخوود ئەگەر پێیان وابێت کە تۆ بەگوێرەی پێویست زوو داوای پەناخوازیت نەکردووە ئەوا بانگهێشتت دەکەن بۆ چاوپێکەوتنێك لە کرۆیدن، گلاسگۆ یان لیڤەرپووڵ. ئەگەر UKBA ئاگادار بکەیتەوە کە ناتوانیت بچیت بۆ کرۆیدن ئەوا ڕەنگە ڕێوشوێن ساز بکەن بۆئەوەی چاوپێکەوتنەکە لە فەرمانگەی ئەو ناوچەیەدا ئەنجام بدرێت کە لێی دەژیت. **شتێکی بنچینەییە کە لەو چاوپێکەوتنەدا ئامادە بیت ئەگەر دەتەوێت ئەوە بسەلمێنیت کە پێویستیت بە پشتگیرییە وە تۆ 'بەزووترین کات کە بتوانیت و لە چوارچێوەی کاتێکی ماقوڵدا' داوای پەناخوازیت کردووە.**

UKBA ئەگەر ئەم هەلومەرجانەی خوارەوەت بەسەردا بچەسپێت پشتگیرییەکەت ڕەت ناکاتەوە:

- ئەگەر تۆ ئەندامی خێزانێك بیت کە مناڵی خوار تەمەنی 18 ساڵی تێدا بێت؛
- ئەگەر خاوەن پێداویستی تایبەت بیت، بۆ نمونە، کەمئەندامییەکی دەروونی یان جەستەییت هەبێت؛ ئەگەر تۆ خاوەن پێداویستی تایبەت بیت، تۆ مافی هەڵسەنگاندنێکی پێداویستییەکان لە دەسەڵاتی خۆجێی خۆتەوە دەتگرێتەوە بەگوێرەی یاسای سەرپەرشتی کۆمەڵگا. ڕێکخراوێکی ڕێنمایی یان ئەندامێکی خێزانەکەت دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ داواکردنی ئەم هەڵسەنگاندنە.
- ئەگەر بتوانیت ئەوە نیشان بدەیت کە تۆ دووچاری مامەڵەی نامرۆڤانە و ئابڕووبەرانە دەبیتەوە، هەر وەك لە جاڕنامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤدا هاتووە، ئەگەر حکومەت پشتگیریت بۆ دەستەبەر نەکات. ئەمە بەشێوەیەکی ئاسایی کاتێك ڕوودەدات ئەگەر تۆ بەبێ پشتگیری پەناخوازی بێخانەولانە بیت یان بەبێ خانەولانەیی بکەویتە سەر شەقام. ڕەنگە پێویستیت بە ڕێنمایی یاسایی هەبێت بۆئەوەی بزانیت ئایا ئەوە بەسەر تۆدا دەچەسپێت.

ئەگەر تۆ پێشتر بەشێوەی یاسایی لە شانشینی یەکگرتوو بوو بیت وە دواتر داوای پەناخوازیت کردبێت بەهۆی گۆڕانی هەلومەرجەوە لە وڵاتەکەی خۆتدا، UKBA لەوە دەکۆڵێتەوە کە ئاخۆ تۆ لە نزیکترین هەلی گونجاودا داوای پەناخوازیت کردووە.

## ئایا چۆن دەتوانم داواکاری پێشکەش بکەم بۆ پشتگیری UKBA؟

ئەو ڕێکخراوە پەنابەریانەی کە لە کۆتایی ئەم بڵاڤۆکەدا ناویان ڕیزبەندی کراوە دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ داوا پێشکەش کردن بە UKBA بۆ پشتگیری. هەروەها ڕێکخراوی دیکەی وەك خزمەتگوزاری ڕێنمایی هاوڵاتیان ( Citizens Advice) ی خۆجێی یان گرووپەکانی پەنابەرانیش ڕەنگە بتوانن لەو مەسەلەیەدا یارمەتیت بدەن. ئەگەر تۆ لە بنکەیەکی ڕاگواستندا دەستبەسەر کراویت، وە تۆ لە داوانامەی کەفالەتەکەتدا سەرکەوتوو بوویت، یەکێك لە ڕێکخراوە پەنابەرییەکان ڕەنگە لە داواکردنی پشتگیری UKBA دا یارمەتیت بدەن.

## من شوێنی نیشتەجێبوون و پارەی کاشم دەوێت

دەتوانیت لە هەمانکاتدا داوا بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و پارەی کاش پێشکەش بکەیت. ئەگەر هیچ شوێنێکت نەبێت کە لێی بژیت لە کاتێکدا کە چاوەڕوانی بڕیارێکیت لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ تۆ شیاوی پشتگیری UKBA ت، UKBA کاتێك کە داوای پەناخوازی دەکەیت تۆ دەکاتە بنکەیەکی پێشوازی یان شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی. شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی ئەو شوێنەیە کە پەناخوازەکان بۆ ماوەی کوورت نیشتەجێ دەکرێن وە خواردن یان پارەی کاشیان دەدرێتێ.

**UKBA ڕەزامەندی نیشان داوە کە شوێنی نیشتەجێبوونم بداتێ**

ئەگەر UKBA بڕیاری دا کە تۆ شیاوی پشتگیریت، ئەوان ڕێوشوێن ساز دەکەن بۆ گواستنەوەت بۆ شوێنی نیشتەجێبوون، بە شێوەیەکی ئاسایی لە دەرەوەی لەندەن و باشووری خۆرهەڵاتی ئینگلتەرە. UKBA بەم پرۆسەیە دەڵێت "بڵاوەپێکردن". شوێنی نیشتەجێبوونی بڵاوەپێکردنت بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەمان ناوچەی شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتیت دەبێت. تۆ ناتوانیت بڕیار لەسەر ئەوە بدەیت کە UKBA بۆ کوێت بنێرێت؛ بەڵام ئەوان دەبێت پێداویستییە جەستەییەکان و هەلومەرجی تاکەکەسییت ڕەچاو بکەن. بەر لەوەی کە بگوێزیتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی UKBA، تۆ

زانیاریت بەدەست دەگات سەبارەت بەو شوێنەی کە لێی دەژیت، چۆن پارەی کاش وەردەگریت، وە ئەگەر لە شوێنە نوێکەت کێشەت هەبوو پەیوەندی بە کێوە بکەیت. UKBA ڕێوشوێن بۆ گەشتەکەت ساز دەکات بۆ شوێنی نیشتەجێبوونت و پارەی تێچوونەکەی دەدات.

**ئایا من چ جۆرە شوێنێکی نیشتەجێبوون وەردەگرم؟**

UKBA بە شێوەیەکی ئاسایی تۆ بۆ خانووی هاوبەش یان شوقەیەك دەگوێزێتەوە. ئەو کەسانەی کە ئەو شوێنانە دەبەن بەڕێوە
پێیان دەڵێن خاوەنموڵك. ئەوان نوێن و تەختی خەوتن، هۆکارە بنەڕەتییەکانی چێشتخانەت بۆ دابین دەکەن، وە بەرپرسن لە یارمەتیدانی تۆ بۆ پەیوەندی پێوەکردن و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەکەتدا. ئەوان لەوە دڵنیادەبنەوە کە تۆ
دەتوانیت دەستت بە دوکتورێکی خۆجێیی، خوێندنگا وە/یان کۆلێژ ڕادەگات. خاوەنموڵکەکەت بەرپرسە لە دڵنیابوونەوە لەوەی
کە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بە باشی چاکدەکرێتەوە. ئەگەر هەر نیگەرانییەکت هەبوو سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونت یان دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە خۆجێییەکان ئەوە لەلای خاوەنموڵك یان خزمەتگوزاری یەك وێستگە (One Stop Service) باس بکە. تکایە ئەوەت لەبیر بێت کە ڕەنگە داوات لێبکرێت لەگەڵ کەسێك بژیت کە نایناسیت.

**ئایا من بۆ ماوەی چەندە دەتوانم لە شوێنی نیشتەجێبوونی UKBA بمێنمەوە؟**

UKBA وەها لەتۆ چاوەڕوان دەکات کە تۆ لەو شوێنی نیشتەجێبوونەدا بمێنیتەوە کە ئەوان بۆیان دابین کردوویت تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە ئەوان خۆیان ڕێگەت پێبدەن کە بگوێزیتەوە. ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونت بەبێ ڕێپێدان بەجێ بهێڵیت، UKBA دەتوانێت پشتگیری و شوێنی نیشتەجێبوونیشت بەتەواوی ببڕێت. ئەگەر حەز دەکەیت لە شوێنی نیشتەجێبوونی UKBA دەربچیت وە لەگەڵ کەسێکی تر بمێنیتەوە، پێویستە لەسەرت گۆڕانکاری لەو جۆرە بە UKBA ڕابگەیەنیت. دەتوانیت لەو شوێنی نیشتەجێبوونەدا بمێنیتەوە هەتا UKBA بڕیار لەسەر داوانامەی پەناخوازییەکەت دەدات. ئەگەر UKBA مافی پەنابەری بدات بە تۆ، پشتگیرییەکەت دوای 28 ڕۆژ کۆتایی پێدێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ دەبێت لەماوەی 28 ڕۆژدا لەو شوێنە بچیتە دەرەوە.

**ئایا UKBA پشتگیری من دەکات ئەگەر پێداچونەوە بکەم؟**

بەڵێ. ئەگەر UKBA داوانامەی پەناخوازییەکەت ڕەت بکاتەوە بەڵام تۆ لەماوەی کاتی دیاریکراوی ئەواندا پێداچونەوەت کردبێت، دەتوانیت لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆتدا بمێنیتەوە وە تۆ بەردەوام دەبیت لەسەر وەرگرتنی پشتگیری.

**ئایا UKBA پشتگیری من دەکات ئەگەر پێداچونەوەکەم ڕەت بکرێتەوە؟**

ئەگەر منداڵی خوار تەمەنی 18 ساڵت هەبێت کە لەگەڵ خۆت بژی، پشتگیرییەکەت دەبێت بەردەوام بێت تەنانەت ئەگەر پێداچونەوەکەشت ڕەتبکرێتەوە.

ئەگەر منداڵی خوار تەمەنی 18 ساڵت نەبێت کە لەگەڵ خۆت بژی، وە مافی زیاتری پێداچونەوەت نەبێت، UKBA پشتگیرییەکەت 21 ڕۆژ دوای ئەوەی کە بۆ دواجار داوای پەناخوازییەکت ڕەتکراوەتەوە ڕادەگرێت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە تۆ بتوانیت داوای پشتگیری سێکشن فۆر (Section 4 support) بکەیت. تکایە بڕوانە بڵاڤۆکی هەرەوەزی پشتگیری پەناخوازی (Asylum Support Partnership) 'ئایا تۆ بێخانەولانەیت و لەکۆتایی پرۆسەی پەناخوازیدایت؟' لەسەر www.refugeecouncil.org.uk یاخود بڵاڤۆکی ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەند 'پشتگیری سێکشن فۆر'، ئەگەر لە سکۆتلەند بژیت. ڕاوێژکاری یاسایی خۆت یان نزیکترین ڕێکخراوی پەنابەری لە تووە ڕەنگە بتوانن لە داوانامەکەدا یارمەتیت بدەن.

## من تەنها پێویستیم بە پارەی کاشە

ئەگەر شوێنێکی ترت هەیە کە لەوێ نیشتەجێ ببیت، بۆ نمونە لەگەڵ هاوڕێ و خزم و کەسوکار، دەتوانیت داوا تەنها بۆ پارەی کاش پێشکەش بە UKBA بکەیت. دەشێت چەند هەفتەیەك بخایەنێت بەر لەوەی UKBA داوانامەیەك ڕەچاو بکات. لەو ماوەیەدا هیچ پشتگیرییەك دابین ناکرێت، وە هیچ پارەیەکی ماوەی ڕابووردوو نادرێتەوە. ئەگەر UKBA لەسەر ئەوە هاوڕا بوو کە پارەی کاشت بداتێ، دەبێت ئەمەی خوارەوە ڕووبدات:

1. UKBA نامەیەکت بۆ دەنێرێت ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە تۆ مافی وەرگرتنی پارەی کاشت هەیە.

2. ئەوان ڤاوچەری کاتیت دەدەنێ کە پێیان دەڵێن تۆکنی پشتگیری کوتوپڕی. ئەوانە تەنها بۆ ماوەیەکی کورت بەکاردێن. دەتوانیت لە فەرمانگەی پۆستە بیانگۆڕیتەوە بە کاش.
3. ئەگەر کارتی تۆماری داوانامە (Application Registration Card-ARC) ت هەبێت تۆ دەبێت بتوانیت پارەپێدانی ڕێکوپێك و بەردەوامی خۆت وەربگریت بە نیشاندانی کارتەکەت بە فەرمانگەی پۆستەی دیاریکراوی خۆت. Sodexo، ئەو کۆمپانیایەی کە پارەپێدانەکە دابین دەکات، نامەیەکت بۆ دەنێرێت ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەبێت بچیت بۆ چ فەرمانگەیەکی پۆستە.

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە سەبارەت بە پارەی کاش یاخوود ئەگەر کێشەیەکت هەیە دەبێت تەلەفوون بکەیت بۆ هێڵی یارمەتی UKBA بە ژمارە **0845 602 1739** یاخوود سەردانی نزیکترین خزمەتگوزاری یەك وێستگە ( One Stop Service) بکەیت. تکایە تێبینی بکە کە ئەمە بەسەر ئەو کەسانەدا دەچەسپێت کە کاش و شوێنی نیشتەجێبوونیشیان بۆ دابین کراوە.

**ئایا چی ڕوودەدات ئەگەر من تۆکن یان ARC ون بکەم؟**
ئەگەر تۆ تۆکن یان ARC ی خۆتت ونکردووە یان کەسێك لێتی دزیون، دەبێت ونبوون یان دزرانەکە بە پۆلیس ڕابگەیەنیت بۆ وەرگرتنی تۆکن یان ARC ی نوێ. دەبێت بەڵگەیەکی نووسراوی ئەو ڕاگەیاندنە بە پۆلیس لەگەڵ ژمارەی سەرچاوەی تاوان، ناوی پۆلیسەکە و ناوی بنکەی پۆلیسەکە وەربرگیت. دەبێت ئەو ڕاپۆرتی پۆلیسە فاکس بکەیت بۆ UKBA به ژمارە **0208 633 0653** یان **0870 336 9233** لە سکۆتلەند یاخوود پەیوەندی بە خزمەتگوزاری یەك وێستگەی خۆجێی خۆتەوە بکەیت.

ئەگەر دەتەوێت ئەو فەرمانگەی پۆستەیە بگۆڕیت کە پارەی لێ وەردەگریت یاخوود ئەگەر تۆ کێشەت هەیە لە وەرگرتنی پارەکانتدا بە ARC دەبێت تەلەفوون بکەیت بۆ هێڵی یارمەتی تەلەفوونی Sodexo بە **01276 687 099** ئەگەر ناتوانیت بە ئینگلیزی قسە بکەیت، دەتوانیت داوا لە وەرگێڕێك یان هاوڕێیەکت بکەیت کە یارمەتیت بدات بۆ ئەو تەلەفوون کردنە.

**هەلومەرجم گۆڕاوە**
ئەگەر هەلومەرجی ژیانت گۆڕانکاری بەسەردا هات وە تۆ پێویستیت بە شوێنی نیشتەجێبوون و پارەی کاشیش بوو، دەتوانیت لە قۆناغێکی دواتردا داوای شوێنی نیشتەجێبوون بکەیت. دەبێت پەیوەندی بە نزیکترین ڕێکخراوی پەنابەرانەوە بکەیت کە دەتوانن لەو مەسەلەیەدا یارمەتیت بدەن.

## ئایا UKBA دەتوانێت چ یارمەتییەکی ترم بدات؟

**پارەپێدانی دایکایەتی**
دەتوانیت داوا پێشکەش بە UKBA بکەیت بۆ بەخشینی دایکایەتی بۆ منداڵێك کە تازە لەدایك بووە. ئەمە پارەپێدانێکی یەك جارەی 300 پاوەندە بە تۆکن. داوانامەکە دەبێت بە نووسین بێت لە ماوەی تا ڕادەی یەك مانگ بەر لە بەرواری چاوەڕوانکراوی منداڵبوون یاخوود زیاتر نەبێت لە دوو هەفتە لەدوای لەدایکبوونی منداڵەکە. پێویستە لەسەرت کە بەڵگەی بەرواری چاوەڕوانکراوی لەدایکبوون، یان بڕوانامەی تەواوی لەدایکبوونی منداڵەکە لەگەڵی بنێریت. ئەو منداڵانەش کە سێ مانگ یان کەمتر بەر لە گەیشتنیان بۆ شانشینی یەکگرتوو لەدایکبوون هەروەها مافی وەرگرتنی پارەپێدانی دایکایەتییان هەیە. تکایە ئاگاداربە کە ئەوانەی پشتگیری سێکشن فۆر وەردەگرن دەتوانن 250 پاوەند تۆکن وەربگرن.

**پارەپێدان بۆ ژنانی سکپڕ و منداڵ**
ژنانی سکپڕ و ئەو خێزانانەی کە منداڵی تەمەنی نێوان یەك تا سێساڵیان هەیە و پشتگیری لە UKBA وەردەگرن مافی وەرگرتنی 3 پاوەندی زیادەیان هەیە لەسەرو پارەپێدانی بنەڕەتی UKBA خۆیانەوە. 5 پاوەندی زیادە لە هەفتەدا دابینکراوە بۆ ئەو کۆرپانەی کە تەمەنیان لە یەك ساڵ کەمترە. ئەو پارەپێدانانە هەروەها بۆ ئەوانە بەردەستن کە لەسەر پشتگیری سێکشن فۆڕن.

**گەشت کردن بۆ چاوپێکەوتنی پەناخوازی یان پێداچوونەوە**
ئەگەر تۆ پشتگیری وەردەگریت، UKBA پارەی تێچوونی گەشتەکەت دەدات بۆ چاوپێکەوتنەکانی پەناخوازی و پێداچونەوە. دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت بۆ یارمەتیدانت بۆ ئەوەی پارەی گەشتەکەت بۆ بدەن. خزمەتگوزاری یەك وێستگەی خۆجێیی خۆت دەتوانێت بۆ ئەو داخوازییە یارمەتیت بدات.

## زانیاری دیکە

**چی ڕوودەدات ئەگەر UKBA پشتگیری منی ڕەتکردەوە یاخوود هەڕەشەی کێشانەوەی پشتگیرییەکەمی کرد؟**
ئەگەر UKBA پشتگیری کردنی تۆی ڕەتکردەوە، ڕەنگە مافی پێداچونەوەت هەبێت بۆ بەردەم دادوەری پشتگیری، بەڵام ناتوانیت هیچ پشتگیرییەك لە UKBA وەربگریت لەکاتێکدا کە چاوەڕوانی ئەوەیت بڕیار لەسەر پێداچونەوەکەت بدرێت. مافی پێداچونەوە بۆ ئەو پەناخوازانە نییە کە پشتگیرییەکەیان ڕەتکراوەتەوە لەسەر بنچینەی ئەوەی کە بەزووترین کات کە بتوانیت و لە چوارچێوەی کاتێکی ماقوڵدا داوای پەناخوازییان نەکردووە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر تۆ پشتگیری وەردەگریت و UKBA ئاگاداری کردوویتەوە کە ئەو پشتگیرییە دەکشێنرێتەوە، ڕەنگە تۆ مافی پێداچونەوەت هەبێت وە لە ماوەی پێداچونەوەکەتدا پشتگیرییەکەت بەردەوام دەبێت.
بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێداچونەوەکانی پشتگیری پەناخوازی، تکایە بڕوانە وەرەقە زانیارییەکانی پڕۆژەی پێداچونەوەی پشتگیری پەناخوازی (Asylum Support Appeals Project ) لەسەر: www.asaproject.org.uk

**ئایا من دەتوانم گەشت بکەم؟**
تۆ ئازادیت کە لەناو شانشینی یەکگرتوو (UK) دا گەشت بکەیت بەڵام، ئەگەر تۆ لە شوێنی نیشتەجێبوونی UKBA بژیت، تۆ تەنها بۆ ماوەیەك ڕێگات پێدەدرێت کە لە ماڵ دوور بکەویتەوە کە لە حەوت ڕۆژ زیاتر نەبێت بەسەر یەکەوە، یان 14 ڕۆژ و شەو لە ماوەی شەش مانگدا. ئەگەر نیازی ئەوەت هەبوو کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆت دوور بکەویتەوە دەبێت خاوەنموڵکەکەت ئاگادار بکەیتەوە.

**ئایا من دەتوانم کار بکەم لە کاتێکدا چاوەڕوانی بڕیارێکم لەسەر داوای پەناخوازییەکەم؟**
وەك پەناخوازێك تۆ بە شێوەیەکی ئاسایی ڕێگات پێنادرێت کار بکەیت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بۆ زیاتر لە ساڵێك چاوەڕوانیت کردبێت بۆ بڕیارێکی بنەڕەتی لەسەر داوانامەی پەناخوازییەکەت دەتوانیت داوا پێشکەش بکەیت بۆ ڕێپێدان. پارێزەرەکەت دەشێت بتوانێت لەو بارەیەوە یارمەتیت بدات. لە کاتێکدا کە تۆ لە پرۆسەی پەناخوازیدایت دەتوانیت کاری خۆبەخشی بکەیت کە ڕێگایەکی باشە بۆ فێربوونی کارامەیی نوێ. ئەم کارە دەبێت بەڕاستی خۆبەخشی بێت و کرێ وەرنەگریت. پارەی تێچوونی هاتووچۆ و نانخواردن بە شێوەیەکی ئاسایی دەدرێت بە تۆ ئەگەر کاری خۆبەخشی بکەیت.

**تێبینییەکی گرنگ:**
ئەگەر هەلومەرجی ژیانت گۆڕانکاری بەسەردا هات، بۆ نمونە، ئەندامێکی خێزانەکەت گەیشتە لات، یان ناونیشانت گۆڕی یان ویستت داوا پێشکەش بکەیت بۆ پارەپێدانی دایکایەتی، دەبێت بە UKBA بڵێیت وە ئەگەر بکرێت بەر لە ڕوودانی ئەو گۆڕانکارییە. دەبێت نامە بۆ UKBA بنووسیت وە ئاگاداریان بکەیتەوە کە هەلومەرجی ژیانت چۆن چۆنی گۆڕاوە. تکایە وێنەیەکی نامەکەت لەلای خۆت بپارێزە. نزیکترین ڕێکخراوی پەنابەری لە تووە کە لە خوارەوە ڕیزبەندی کراون دەتوانێت یارمەتیت بدات.

## سەرچاوەی یارمەتی و ڕێنمایی

ڕێکخراوە پەنابەرییەکانی وەك بنکەی سامانە فرە-کولتوورییەکان (Multi-Cultural Resource Centre )، خزمەتگوزاری پەنابەری باکووری ئینگلتەرە (North of England Refugee)، ڕێکاری پەنابەران ( Refugee Action)، ئەنجومەنی پەنابەران (Refugee Council)، ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەندە ( Scottish Refugee Council) وە ئەنجومەنی پەنابەرانی وەیلز (Welsh Refugee Counci) ئەو ڕێکخراوە سەرەکیانەن کە یارمەتی و ڕێنمایی بۆ پەناخوازان دابین دەکەن. ئەوان لەو باوەڕەدان کە پەناخوازان و پەنابەران دەبێت بە لەیەکگەیشتن و بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئەو ڕێکخراوانە ڕێنمایی و زانیاری لەسەر شوێنی نیشتەجێبوون، پارەی کاش، پەناخوازی، تەندروستی و کێشەی تر دابین دەکەن لەڕێگای خزمەتگوزاری یەك وێستگەوە لە چەندەها ناوچەی جیاجیای شانشینی یەکگرتوودا. ئەوان بێلایەن و جیان لە حکومەت. کارمەندەکانی ئەو ڕێکخراوانە لەوپەڕی بەرژەوەندی خۆت ڕێنماییت دەکەن. بەڵام تکایە ئاگاداربە کە ئەوان بە شێوەیەکی ئاسایی ناتوانن ئەو بڕیارانە بگۆڕن کە دامودەزگا حکومییەکان لەسەر کەیسەکەت داویانە. ڕێکخراوی دیکەی وەك خزمەتگوزاری ڕێنمایی هاوڵاتیان، ڕێنمایی خۆجێیی یان گرووپەکانی پەنابەرانیش هەروەها دەتوانن ڕێنمایی و زانیاری خۆڕایی پێشنیاز بکەن.

Multi-Cultural Resource Centre (Northern Ireland)
Tel: 02890 238 645
www.mcrc-ni.org

North of England Refugee Service Head Office (North East)
Tel: 0191 245 7311
www.refugee.org.uk

Refugee Action Head Office (East Midland, North West, South Central, South West)
Tel: 020 7654 7700
www.refugee-action.org.uk

Refugee Council Head Office (London, East of England, Yorkshire & Humberside, West Midlands)
Free advice line: 0808 808 2255
Tel: 020 7346 6700
www.refugeecouncil.org.uk

Scottish Refugee Council
Tel: 0141 248 9799
Freephone: 0800 085 6087
www.scottishrefugeecouncil.org.uk

Welsh Refugee Council
Tel: 02920 489 800
www.welshrefugeecouncil.org

Asylum Support Partnership consists of **:**

North of England Refugee Service, charity number: 1091200 www.refugee.org.uk
Refugee Action, charity number: 283660 www.refugee-action.org.uk
Refugee Council, charity number: 1014576 www.refugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council, charity number: SC008639 www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Welsh Refugee Council, charity number: 1102449 www.welshrefugeecouncil.org